


(( بۆ گۆڤارە هێژاکەمان ))
بەبۆنەی سێ یم ساڵ ڕۆژی گۆڤاری ( دەنگەکان )،
پیرۆزبایی گەرمی خۆم ڕادەگێنم ، ئاواتە خۆازم کە
بەرێوبەرانی گۆڤارەکەمان هەرگیز کۆڵ نەدەن بۆ
ئەم خزمەتە پیرۆزەی کەبە خوێنەرانی دەگێنن.
بێگومان هیچ گۆڤارێک نیە بەبێ کەمووکوریبێ، بەڵام
لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤاری ناوبراو توانیویەتی بەشێکی
بەرفراوانو گەورە پڕکاتەوە . دووبارەو چەندبارە
دەست خۆشی لەگشت کارمەندانی گۆڤارە خۆشەویستەکەمان
دەکەم هیوام وایە نووسەرە بەرێزەکانیش کەمو زۆر درێخی نەکەن
لە یارمەتی دانیان . هەرشادو سەرفیرازبن.....................
ماندو بونتان جێگەی ڕێزو پێزانینمە................
دەستان خۆش........
**لارزۆ بەکر**

Brai berez kak Goran u hemu ewanei be dengekanewe mandun,
Be bonei teperbuni se sal beser saiti Dengekanda destxoshi u mandunebunitan ledekem.
Dengekan shueni gringi le gorepani rojnamegeri elektroni kurdida heie u roli zorbash le hushiarkirdnewei xelki Kurdistanda debibet.

Be hoi buni saiti Dengekan u ewanitir twanraw perde lerui rastiekan helmardret u xelki leagadar bikreteue.
Buni dengi bueri Dengekan u saite buerkani dike tuaniwiane derge daxrawekan u snure qaimkirawekan bibezenin u tishki rastiekan be xelik bigeienin.

Hiwadarim hemishe serkeutubin

**Shakhewan Shorsh**

---

peshaki perozbaei saleadi malpara ranginakatan le dakam
am kteba wak diari mn babonai saliadi saitakatanawa bo blao krdnawa lai bareztan
sopas
ba gashtni agadarm bkan

**soran omar**

---

**برای بەرێزم کاك گۆران**

**سڵاویکی گەرم و دەستەکانتان ئەگوشم**

**دەنگەکان .. تەنها ناوی دەنگەکان پێناسەیەکی مەزن و گرنگە و پێویست بە شیکردنەوە ناکات. دەنگەکان، دەنگی دلێرو ئازا یخوازانە... دەنگی مرۆڤە دژ بە زوڵم وستەم، دەنگی برایەتی و خۆشەویستییە.**

**لە یادی دەنگەکان سڵاوو رێزی دەنگمان بۆ هەموو ئەو دەنگانە هاودەنگی دەنگەکانن.**

**لە گەل ئەو پەری رێز,**

**براتان : ئەحمەد رەجەب**

2005/5/5

---

## بەبۆنەی سێ ساڵەی دەنگەکان

ئەزیزم گۆران و هاورێانی دەنگەکان .

دەستەکانتان بە توندی ئەگوشم و پردونیایە موحیبەتم بۆتان هەیە . بۆ هەمیشە سەرکەوتنتان ئارەزوومە . مافی خۆتانە و ئێمەیش لەگەلتان کە شانازی بکەین بەم لاپەرەیەوە ، خۆشی بگێرین و دەنگەکان جوان بکەین لە روانگەی خۆمانەوە و لەگەلیدا خالە بەهێزەکان بەرینە پێشەوە و خالە لاوازەکان دەستنیشان بکەین ، لەگەل داگیرساندنی مۆمی سێیەم و لەگەل پێکەنینی چاوەکانمان ، لەزەتی بەردەوامبوونی دەنگمان بەدی ئەکەین ، و جار نەجارێ بلێن چیمان پێشکەشکرد و تاچەند توانیمان دەنگی چەپ و ئازادی خوازان بەرینە پێشەوە .

ئەم لاپەرەیە قورساییەکی خۆی هەیە چی بۆ خاوەن قەلەمی ئازاد و بوێر و چی لەلایەن خەلکانی کۆنەپەرست و دوور لە ئازادی و زانست و بەختەوەری ئینسان و ئەو قەلەمانەی کە بەشدارن لە درووست کردنی دیوارێکی تەپێو لە رۆشنبیری بۆ دەسەلات .بەلێ لەلایەن ئەوانیشەوە قورسای هەیە بۆیە هەندێ چار دێن و بابەتەکانیان ئەرازێنەنەوە بەو وشانە کە تەنها ئازادی خۆازان ئەزانن چەند چوانە ، دێن و بەترسەوە بابەتەکانیان ئەنووسن ، ئەزانن دەنگەکان مانای چییە . و ئەزانن سەنگەرێکە بۆ رێزگردن لە ئینسان نەک بەزەیی بە ئینسان .

ئەمەوێ ئەوە بلێم بورجوازییەت و دام ودەزگای مەزهەب و ناسۆینالست پارەیان هەیە دەسەلاتیان هەیە و دەیان دەزگایان هەیە و ئامادەش نین کە بۆ یەک لەحزە دوو دێر لە نوسینەکانی نووسەرانی بوێر بلاو بکەنەوە کە باس لە خۆشەویستی ئینسان ئەکات ، نەک ئەمانە بگرە رۆژانە ئەزانن چی بۆ خەلکی ئەنووسن

له پێناوی بەردەوام بوونیان ، ئێمەیش ئەمە و چەند سایتێکی ترمان هەیە ، ئێمە خاوەن چوانی و بەختەوەری ئینسان ئەوان خاوەن خوێن مژینی ئینسان ، ئێمە خاوەن گیانبەختەکەرانی رێگای ئازادی و رێزگردن لە ئینسان و ئەوانیش  شەر و گالتە بە بوونی ئینسان و دەم کوت .

ئەم دوو جیهانە لەهەموو روویەکەوە جیاوازە . بۆیە ئەلێم هەتا ئەو کاتەی کە دام و دەزگای راگەیاندن بە یەکسانی هەموو کەس بەهەرەمەند بن لێی ، هەتا ئەو کاتەی پێویستییەکانی ژیان دابین بکرێ هەتا ئەو کاتەی کە بەرهەمی ئەم خەباتە کە دەنگەکان بەشداره لێی ، ببێتە هوی دامەزراندنی سستمێکی ئینسانی و یەکسانی ، هەتا ئەو کاتە  ئەلێم کێشمە کێشمەکە بەردەوامە و تێروانینمان بۆ ئازادی تێکەل بە رۆژنامەی شەرعی و ناشەرعی ئەبێ ، ئاخر زۆر جیاوازن ئەو رۆژنامانەی کە دام و دەزگا دەولەتییەکان پشتیانن و ئەوانەی کە لە رەنجی خویان تەکانی پێئەدەن لەبەر ئینسان ، و ئەوانە کە کۆسپن لە رێگای دونیایەکی خۆشتر و بە نووسین بەشدارن . چۆن لەو ئازادییە تێبگەین ؟ کە مافی ئەوانیش بێت لەم لاپەرەیە بنووسن ، ئایا ئەتوانین بەم بیرۆکە پابەند بین کە ئەوان ئازادبن چی بنووسن لە دژایەتی مەدەنییەت و علمانیەت و هەموو دەنگێکی ئازاد و ماوە نەدان بە رەخنە لەسەر موقەدەس و دەقەکان ؟ و ئێمەیش ئازاد بین چی بلاوبکەینەوە ؟ ئەمە ئەبێتە شوێنی جەدەل.

3 سال زەمەنێکی کورت بەلام کارێکی پر لە شانازی ، 3 سال رۆژانە دەنگەکان میوانمانە و دەستمان ئەگرێ بۆ جوانتر کردنی .

هیوادارم باشتر بۆ ئازادی و یەکسانی هەول بدەین و هیوادارم باش ببینە مەنبەری علمانییەت و خستنەرووی دێوی ناشرینی سەرمایەداری و بالەکانی ،

گۆران گیان هەوالپرستانم لە هەموو روویەکەوە . ببورە دواکەوتم بەلام ئەبووایە تۆش پێش وەخت ئاگاداریت بلاو بکردایەتەوە و مافی خۆتانە و لەوانەیە من ئاگام لی نەبووە

مەحمود محەمەد عوسمان

---

بەڕیز و خۆشەویستان ..کاک گۆران و هاوکارانی دەستەی بەڕیوەبەرانی ماڵپەڕی دەنگەکان داگیرساندنی سێ ساڵی تەمەن لە ئێوە و خۆما ن و هەموو خاوەن قەڵەمێکی ئازادیخواز پیرۆز دەکەم ،سێ ساڵە هیلاکی و ماندووبوونی ئێوە بۆتە دەربڕینی دەنگی ڕاستەقینەی ئازاد و سەربەخۆ،سێ ساڵە دەنگەکان پڕن لە دەنگی جوان ،پڕە لە بە ئاگایی و مامەڵەی شارستانیانە لەگەڵ ڕوودا و ئالوگۆڕەکان،سێ ساڵە ماندووبوونی ئێوە بۆتە مایەی بەخشینی زانیاری و بابەتی بە سوود بە خوێنەرانی ،هیلاکیتان جێی ڕێز و تەقدیرەهاوکات بەو ئومێدەی مۆمی گەشاوەی داگیرساوی هەمیشەیی دەنگەکان لە گەشەدا بێت و بەردەوامی لەدوابێت ..دوبارە یادی سێ ساڵە پیرۆزە.

ڕزگار عبدالکریم

هۆڵەندا

---

**پیرۆزبایی سێیەمین سالی دەسبەکاربوونی دەنگەکان**

**کاکە گۆران عەبدولا بەریوەبەری مالپەرری دەنگەکان!**

**ئازیزان دەستەی هاوکارانی دەنگەکان!**

**بەبۆنەی تیپەرربوونی سێ ساڵ بەسەر دەسبەکاربوونتان لەو ئەرکە پیرۆز وگرنگەتاندا، لەناخی دلمەوە جوانترین پیرۆزباییتان لیدەکەم!**

رڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لەم سەردەمەدا نەخشیکی گرنگ دەبینێ لەگەیاندنی ووشەی هەق ودەنگی هەق وووتنی هەقدا. ئەوانەی لەئازادی دەترسن لەبەردەمی ئەم پیشرڕەوییە ئینفۆرماتیکییەدا بەسەزمان ودەستەوەستانن. پەنادەبەنە بەر شیوازی تقلیدی وپواوی ررشتنی ژاراوی کینەی خۆیان لەبەرامبەریدا.

پرۆسەی گۆررانکاری کۆمەڵایەتی وگەشەی باڵای رڕۆژنامەگەری جیهانی ورڕۆژنامەگەری کوردیش، وەلەوانە رڕۆژنامەی ئەلکترۆنیی، لەرڕاستای ررەخنەی ئازادانە لەدیاردە کۆن وترسناکەکانی کۆمەڵ وگەیاندنی هوشیاری وبەرزکردنەوەی ئاستی دەستراگەییشتن بەررەخنەی کاریگەر لەئاستی کۆمەلایەتیدا، دەوری بەرچاوی بینیوە،و (دەنگەکان)یش لەم نیوەدا جیگای پرشنگداری هەیە.

بەمبۆنەیەوە دووبارە ویرای دەسهخۆشانە لەکاکە گۆران وهاوکارانی، پیرۆزبایی سێ ساڵ تیپەررین بەسەر ئەم ئەرك وماندووبوونەیان لیدەکەم وبەتووندی دەستەکانیان دەگووشم.

بژی قەلەمی ئازاد!

محـــد غفـــــور

2005-0406

---

berezan le malperi dengekan
silaw
be boney 3 hemin salyadi damezrani site xoshewisteketanew, be nawi hemu bereweberani site KHAK ewe pirozbaiiyeki germtan peshkesh dekeyn.
hiwadarin em yade bbete hoy ptew krdni pewendi niwanman bo xzmeti ziyatr be gelekeman. dubare piroz bet.
herbjin
hiwa bereweberi site KHAKnet
www.khaknet.com

---

## ڕۆژنامەیەکی ئاسمانی وەک ڕاستی جوان دەدرەوشێتەوە

### پیرۆزبایتان لێدەکەم هاوڕێیانم بۆ سێ ساڵی چرایی داگیرساوتان

دەستەکانتان دەگوشم بۆ ماندو بونتان ،هەمیشە دەنگەگان لایمن دەنگ بووەو ڕێبواری سەبوری من بوە و ئەستێرەیەکی هاوڕێم بوە و تاریکی بۆ ڕوناککردومەتەوە و لە سێبەری فێربوونیدا ئاڵاندومی لەخۆی و لە ڕاستی .
من هاوڕێی ڕۆژنامە ئاسمانیەکەتانم و بەو هاوڕێی یەتان هەناسەکانی شیعرم گوڵدەردەکەن و ئێوەش ئاڵای هونەرو وێژەتان بەرز ڕاگرتوە بۆیە شایستەی چەپکە گوڵی ناسکن ناسک ....

حەمەشوان شەریف
030605
سویْد -كونگیْلف

# بەڕێزان ستافی دەستەی بەڕێوەبردنی ماڵپەڕی خۆڕاگری دەنگەکان

* * *

وێڕای دەستخۆشی و هاندانتان بۆ زیاتر بە گوڕ بوون و کۆشش کردن بۆ بردنە پێشەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەلەکترۆنی، پیرۆزبایی خۆشم ئاڕاستەی ئێوەی خۆڕاگر و ماڵپەڕە ڕازاوە و بە نرخەکەی دەنگەکانیش دەکەم بە بۆنەی کوژاندنەوەی مۆمی سێیەم ساڵەی تەمەنی.
هەڵبەت دڵنیاین ئەم کارە هەروا بە ئاسانی بەڕێوە ناچێ، بەتایبەتیش ئەوانەی شارەزای بواری ئینتەرنێتن دەزانن بەڕێوەبردنی ماڵپەڕێك لە تیرازی دەنگەکان چەند کاتی پێویستە و چەند هەوڵ و کۆششی بێوچانی دەوێ بۆ ئەوەی لەیەك ئاست دانەبەزێ وبەرەو باشتر بوونیش بچێ. بۆیە دڵنیاتان دەکەمەوە کە کارەکەتان پیرۆزە و ماندووبوونیشتان جێگای ڕێزو شانازیمانە.

* دووبارە پیرۆز *

ئیبراهیم مەلازادە
هوڵەندا

---

**سلاْو برای بەرێزمان کاک گۆران و هاوکارانی لە مالپەری دەنگەکان**

**سەرەتا داوای لێبوردنتان لێ دەکەم لەبەر دواکەوتنی ئەم نامەیە بەهۆی سەرقالێم بە هەندێ کارەوە و دەمەوێت لە ناخی دلّمەوە پیرۆزباییتان لێ بکەم  بە بۆنەی تێبەرِبوونی سێ سالْ بەسەر ئەو ئەرکە پێرۆزەیەی کە خستووتانە سەر شانی خۆتان.**

**هەلبەتە نامەوێت لەم نامەیەدا مالپەرِەکەتان هەلّسەنگێنم یان بەراوردی بکەم لەگەلْ هەندێ مالپەری تر، چونکە ئەم کارە پەیوەندیەکی باشی هەیە لەگەلْ توانا مادییەکان و ئەگەر پشتگیری دارایی نەبێت گەلێ کار ناکرێن.  بۆیە مرۆڤ دەتوانێت باسی ئازادی بلاْوکردنەوە بکات لای مالێپەری دەنگەکان.**

**بەگوێرەی ئەو ئەزموونەی کە وەک تاکە کەس هەمە لەگەلْ مالپەرِەکەتان، دەتوانم بلێم کە تاوەکوو ئێستا رِۆی نەداوە ئێوەی بەرِێز بابەتێکتان لەبەر ناوەرِۆکی فکری بابەت بلاْونەکردبێتەوە.  ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای ئەوە دەدات کە تۆی بەرِێز و هاوکارانی تری دەنگەکان، گرنگی نادەنە بیری ناو بابەتەکان و مەرج نییە بابەتێک رِێک بێت لەگەلْ بیروباوەرِەکانتان تاوەکوو بلاْوبکرێتەوە. ئەمەش سنووری ئازادی بەرفراوان دەکات.**

**بەردەوامبونتان لەو سێ سالّەدا ئەویش جێگای شانازییە و ماوەیەکی تارِادەیەک درێژە و خۆبەختکردنی تێدایە، بۆیە دەستخۆشیتان لێدەکەم.**

**لە کۆتاییدا ئومیدەوارم سەرکەوتووبن و بەردەوام بن لەسەر ئەو کارە پیرۆزە.**

**براتان**

**هیشام ئاکرەیی**

---

kake gorani xoshewist, prozbet salwegeri hatnebuni dengekan, her le peshkewtnu brewdabn bo xzmeti roshnbiri kurdi u berzragrtni wshey nusin, ewe cezhwani be yekgeyshtni hzri nuseru dluderuni xwenern,ame asan nie, boye gewreyitan bedest henawe u piroztanbet.

**hemereshid heres**